# پەرستراوی هەق وڕاستی تاکە پەرستراوێکە بۆیە بەتاک و تەنها هەر ئەو بپەرستە

# الإله الحق واحد فقط فاعبدوه وحده

< kurdish -كردي - کوردی >


دکتۆر ناجی کوڕی ئیبراهیم العرفج

الدكتور ناجي بن إبراهيم العرفج



وەرگێرانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# پەرستراوی هەق وڕاستی تاکە پەرستراوێکە بۆیە بەتاک و تەنها هەر ئەو بپەرستە

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە..

مادام پەیامی پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە یەك پەیام و یەك ناوەڕۆکیان هەیە، ئایا ئاینی ئەو پێغەمبەر و نێرروانە کامەیە؟.

ناوەڕۆك وجەوهەری پەیامەکەیان بریتیە لە تەسلیم بوون بە خوای گەورە وپەروەردگار، تەسلیم بوون بەتەواوی فەرمانەکانی پەروەردگار، بەو شێوەیەی لەناخ ودڵەوە بە هەموو شێوەیەك ڕازی بێت کە (اللە) پەروەردگارت بێت، وئاینی پیرۆزی ئیسلامیش ئاین وشەریعەت و بەرنامەی ژیانت بێت، وە موحەمەدیش ( صلی اللە علیە وسلم ) پێغەمبەر و پێشەوات بێت .

تەسلیم بوون : ئەو ووشەیەی کە تەعبیر لە مانا و مەبەستی ووشەی (ئیسلام) دەکات، هەر ئەم مانایەش مەفهوم وچەمکی ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبیدا ..

قورئانی پیرۆزیش لەم بارەیەوە تەئکیدی کردوەتەوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی هەق وڕاستی وسەرجەم پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە ومیهرەبانە، وە دەکرێت بەدواداچون بۆ ڕاستی ئەم مەسئەلەیەش لە کتێبی پیرۆز بکرێت لە عەهدی جەدید و عەهدی قەدیمیشدا، بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم بابەتەیش بەیارمەتی خوای گەورە لە پەرتووکی داهاتوماندا بە تێر وتەسەلی باس لەم مەسئەلەیە دەکەین.

لەکۆتاییشەوە، پێویستە ئەوە بڵێین کە لە پێناو سەرفرازی ورزگاربوونی هەمیشەیی دەبێت ئەم پەیامە پیرۆزە وەربگرین و باوەڕی پێ بهێنین و زۆریش موخلیص و دڵسۆز بین بۆی، بەڵام تەنها ئەم کارە بەس نیە، بەڵکو پێویستە لەسەرمان باوەڕیش بە تەواوی پێغەمبەران ونێرراوانی خوای گەورە بهێنین (لەنێویشیاندا باوەڕ بە کۆتا پێغەمبەر موحەمەدی کوڕی عەبدوڵا سەلام وصەلاتی خوای لێ

بێت )وه شوێن نیگا وڕێنومایی وکاروکردەوەکانیان بکەوین، کە هەر ئەوەیش ڕێگا وڕێباز باوەڕدارانە بەرەوە ژیانێکی هەمیشەیی وپڕ لە بەختەوەری.

ئەی ئەو کەسەی دڵسۆزیت خۆش دەوێیت و بە دڵسۆزیش بەشێون ڕاستی وهەقیقەتدا عەودالێت، ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بیرێك لەخۆت بکەیتەوە پێش ئەوەی مردن یەخەت پێ بگرێت و هەموو هەل و فورسەتێکیت لەدەست بدات، کاتی ئەوە هاتووە بزانیت مەبەست لە دروست بوونت چیە لەم ژیانەدا، لە کوێوە هاتوویت و بۆچی مەبەستێك هاتوویت و بۆ کوێش هەنگاو هەڵدەگریت، چونکە لەگەڵ تێپەڕ بوونی هەموو چرکەیەك مرۆڤ چریەك لەو کاتە نزیك دەبێتەوە کە خوای گەورە دیاری کردووە بۆ ماڵئاوایی کردنی یەکجاری لەم دونیایە، جا مرۆڤی ژیر وهۆشمەند ئەو مرۆڤەیە تاکە سەرمایەکەی کە بریتیە لە ساتەکانی ژیانی بکاتە زەخیرە لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە و بەدەست هێنانی خۆشگوزەرانی هەتا هەتایی .. ئایا کەسێك هەیە لە ئێمە پەند وئامۆژگاری لەم ووتانە وەربگرێت؟!.

دوای بیر کردنەوە وە تێڕامان لەم بابەتە گرنگەی باسمان کرد، بە ژیریەك کە هەست بە گرنگی بابەتەکان بکات، وە بە دڵێکی ڕاستگۆ وپاکەوە کە ڕاستیەکان وەك خۆیان ببینێت، کاتی ئەوە هاتووە کە بڕیار بدەیت کە خوای گەورە تاك و تەنهایە و هیچ شەریك وهاوەڵ و کوڕ ونەوەیەکی نیە، وە باوەڕی پێ بهێنیت و بەڕاست و دروستی و بەتاك و تەنهایی هەر ئەویش بپەرستیت، وە باوەڕیشت بەوە هەبێت کە موحەمەد پێغەمبەر و نێرراوی خوایە، وەك تەواوی پێغەمبەرەکانی تر، وەك نوح و ئیبراهیم و موسی و عیسی (سەلامی خوای گەورە لەهەموویان بێت).